

ڕۆژی چوارشەممە 18.04.2012 خاتوو لەیلا زانا، نوێنەری شاری ئامەد لە پارلەمانی تورکیا، هەروەها "نیگار عینایەتی"، بە نوێنەرایەتی 15 چالاکی مانگرتوو، "بێرنارد ڕێڤێلۆن"، ئەندامی دەستەی پشتیوانی لە مانگران و "یورگێن کلووتێ"، پارلەمانتاری ئەوروپایی بەشداری دانیشتنی داخۆیانی چاپەمەنی لە پارلەمانی ئوروپا بوون.

سەرەتا لەیلا زانا باسی ڕەوشی مەترسیداری ژیانی مانگران کرد و رایگەیاند کە لە ئێستادا تەنیا دەنگی حکومەتەکان دەبیسترێن و کەس ئاگای لە ئازاری ژێردەستەکان نییە. ئەم پازدە مانگرەی ستراسبورگ کە چل و نۆ ڕۆژە لە مانگرتندان هەڵگری دەنگی خنکێندراوی گەلی کورد و هەروەها گۆشەگیرکردنی عەبدوڵلا ئوجالانە. تەندروستی ئێستای مانگران چرکە بە چرکە لە مردن نزیک دەبنەوە.
لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا لەیلا زانا ئاماژەی بە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ سەرۆکی پارلەمانی ئوروپا کرد و رایگەیاند کە ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاگای لە ئازار و سەرکوتکرانی گەلی کورد هەیە و دوا لە مانگرتوان دەکا کە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن و لەوە زیاتر خۆیان نەخەنە مەترسییەوە و بەتەواوی پشتگریی مانگران و داخوازییەکان دەکا و بەڵێنی بە لەیلا زانا داوە کە بە جیدی بەدوای پرسی کورددا بچێ لە سەر پرسی رێزدار ئوجالاندا راوەستێ.
هەروەها ئاماژەی بە داخوازیی گروپی سوسیال دیموکرات و چەند کەسایەتیەکی دیکەی کرد کە بە نیگەرانییەوە چاو لە ڕەوشی مانگرتوان دەکەن و خوازیارن کە بە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن و مردنی لێنەکەوێتەوە و هەمووان تێدەکۆشن بە ئاراستەی داخوازییەکانی مانگران.

پاشان خاتوو نیگار عینایەتی بە نوێنەرایەتی 15 چالاکوانی مانگر لە وتەکانیدا باسی لە دۆخی مەترسیداری ژیانی خۆی و هاوڕێیانی دیکەی مانگر کرد و پاشان تیشکی خستە سەر گۆشەگیری عەبدوڵلا ئوجالان و باسی لە ئەشکەنجەدانی ئەو کرد. نیگار عینایەتی لە وتەکانیدا ئاماژەی بە سەرکوتی سیستماتیکی گولی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان کرد.
لە درێژەی وتەکانیداعینایەتی وتی بەڕێز ئوجالان لە زیندانی ئیمرالی زیاتر لە 13 ساڵە زیندانی کراوە و بۆ گەلی کورد ئوجالان رۆڵی سەرەکیی هەیە بۆ رێچارەیەکی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە، بەڵام بەڕێز ئوجالان ناتوانێ پارێزەرەکانی ببینێت کە 267 ڕۆژە و پەیوەندیی بە دەرەوەی خۆی نەماوە. مانگرتن لە خواردنی ئێمە هەر بەم بۆنەوە لە بەر دەم کۆنسەی ئوروپا لە شاری ستراسبورگ دەستی پێکردووە. ئێمە پێمانوایە کە پەرلەمانی ئوروپا دەبێ ئەرکی خۆی سەبارەت بە تورکیا کە ئەندامی کۆنسەی ئوراپیە و مافی مرۆڤی ئیمزا کردووە ئەنجام بدا. لە ئێستادا حکومەتی تورکیا بە شێوەیەکی سیستماتیک مافی مرۆڤ پێشێل دەکا.
لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا عینایەتی وتی، مانگرتن لەخواردنی ئێمە شێوازێکی تەواو دیموکراتیکە بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر بێدەنگی کوشتاری گەنجانی کورد. ئێمە داوا لە پارلەمانی ئوروپا و رێکخراوی دژ بە شکەنجە (CPT) دەکەین کە هەنگاوی جیدی و بەکردەوە هەڵبگرێ.

نیگار عینایەتی لە کۆتاییدا ئاماژەی بە درێژەدان بە گوشارەکانی حکومەتی ئێران بۆ سەر گەلی کورد کرد کە سەرکوتی کوردان بەردەوامە و دەیان کەسی وەکو حەبیبوڵا گوڵپەرییوری و شێرکۆ معارفی لە مەترسی لەسێدارەدان دان. بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا خواستی ئێمە لە CPT ئەوەیە کە بە زووترین کات پشتیوانی و پاراستنی مافی زیندانییەکان بە ئەرکی خۆی بزانێت و چیدیکە لە ئاست پێشێلکرانی ئاشکرای مافی مرۆڤدا بێدەنگ نەبێ.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە 1.03.2012ەوە 15 سیاسەتوان و نوسەر و چالاکی بواری ژنان کە پێنجیان ژنن دەستیان داوەتە مانگرتنێکی بێوادە لە خواردن بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئوجالان و هەروەها گەیاندنی دەنگی زیندانیانی مانگرتوو لە باکوردی کوردستان و ئەمڕۆ 19.04.2012 ، پەنجا رۆژ لە مانگرتنەکەیان پڕکردەوە.